# سیاسەتبازیی و پرسی کوردان و ئاوارەکانی رۆژئاوا!

دارا خونچە

رەوکردنی کوردانی رۆژئاوا وە پێی یاسایە نێودەوڵەتییەکانی پەنابەریی مافەکی زۆر ئاسایی و سەرەتایی خۆیانە چونکە شەڕەکی کاوڵکەرانە و زۆر دڕندانە لەسەر زێدەکەیان دەگوزەرێ و مافی هیچ کەس و وڵاتەکی دراوسێ نییە سنوورەکانیان لەسەر دابخەن و گەمە بە ژیان و چارەنووسیان بکەن. هەروەها هاریکارییکردنی مادیی ئەو خەڵکەش - کە شەڕی نەخوازرایان تووش بووە و بە هۆیەوە سادەترین پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانیان لە دەست دایە - جا چ ئەوانەی لە نێو زێدی خۆیانن چ ئەوانەی سنوورەکانیان بڕییە و ئاوارەی وڵاتە دراوسێیەکان بوونە ئەرکەکی مرۆیی و رەوشتییە لەسەر شانی هاوڵاتییان و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە، هیچ پێویست ناکا هیچ کەس و لایەنەک لافی کوردایەتیی پێوە لێبدا.

ئەوەی هەنووکە لە هەرێمی کورستان دەرهەق وە پرسی کوردانی خۆرئاوا و دەرهەق وە ئاوارەکانی سنووره دەستکردەکەی نێوان باشوور و رۆژئاوای نیشتیمان دەگوزرەێ بازرگانییەکی سیاسەتبازانەی فرە فرە بێزەوەر و نامرۆییانەیە:

- (مەسعود بارزانی و پارتی) لە (گرتن و کردنەوەی سنوور وە رووی ئاوارەکان و شێوازی ناردنی کۆمەک و دانی کۆمەک وە ئاوارە دەربازبووەکان) وە هەمانگیی لەگەڵ دەسەڵاتی تورکیای داگیرکەری کوردستان وە پێی نەخشە و پیلانەک کار دەکەن کە بتوانن لە رێی هێندەک حیزبی گچکە و وە ناو حیزبی کوردانی رۆژئاوا - کە بەکرێگیرای خۆیانن - ئاژاوە بنێنەوە و دژ وە (پەیەدە) و دەسەڵاتی هەنووکەی هەرێمی کوردستانی رۆژئاوا کە ناڕاستەوخۆ لە لایەن (پەکەکە)وە بەرێوەدەبردرێ بوەستنەوە و دەست وەسەر بزاڤ و رابوونی کوردانی رۆژئاوا دابگرن و سیاسەتی فراوانخوازانەی خۆیان جێبەجێ بکەن و بازرگانیی وە ئاوارەکان و پرسی کوردانی رۆژئاوا بکەن!

- (گۆڕان) لە پێناو سەرنجڕاکێشانی جەماوەر و خزمەتکردن وە سیاسەتە تاکتیکبازە ساویلەکەییەکانی خۆی و پەیداکردنی زۆرترین دەنگدەر و گەیشتن وە دەسەڵات.. تەنێ وە قسەی بێ کردار تەواو پێچەوانەی مەسعود بارزانی و پارتی دەجوولێتەوە.. جا گرنگ نییە قسە و هەڵسوکەوتەکانی خزمەت وە ئاوارەکان و پرسی کوردان دەکا یان نا بەڵکە گرنگ ئەوەیە پێچەوانەی بەرانبەرەکەی بوەستی و خەڵکی نارازیی لە خۆی خڕبکاتەوە!

- (یەکێتی) لە رێی خۆنواندنە شانۆگەرییەکانی (کۆسرەت و بەرهەم و عیماد) لە نێو ئاوارەکان و کردنی قسەی گەورە سەبارەت وە پرسی کوردانی رۆژئاوا کە هێندێک جار وە لای پارتی و هێندێک جاریش وە لای (گۆڕان)دا وەردەسووڕێ.. ئەویش دەیەوێ وە پێی سیاسەتە پووچەکانی خۆی وە جۆرەک لە جۆرەکان بازرگانیی وە پرسەکەوە بکا!

نەتەوەپەروەریی و نیشتیمانپەروەریی وە خەڵکی دەفرۆشی و هاوکات پاگەندە لۆ سیاسەتە بازرگانییەکەی پارتی و بارزانیش دەکا!

• (ڕێکخراوەکانی وە ناو کۆمەڵگەی مەدەنی) کە زۆربەی هەرە زۆریان سەر وە حیزبەکان و دەسەڵاتدارانەوەن یان هەر ڕاستەوخۆ بەکرێگیرا و کاسەلێسی کەسانی نێو دەسەڵاتن.. ئەوانیش هەر یەکەو وە جۆرەک بازرگانیی بە کێشەکەوە دەکەن کە بتوانن پارووی چەورتری پێ پەیدا بکەن و هاوکات بە کوردایەتییش بە خەڵکی دەفرۆشنەوە!

• کەسانەکیش هەن پێیاندەگوترێ (ڕۆشنبیران و میدیاکارانی ئازاد)، ئەوانە زۆر سەیرن! لە ڕوانگەیەکی هێندە تەسک و کۆن و داڕزای کوردایەتییەکی ڕەگەزپەرستانە بانگەشە لۆ هەستی نەتەوایەتیی و نیشتیمانی دەکەن سەبارەت بە ئاوارەکان و پرسی کوردانی ڕۆژئاوا.. لە بیریان چووە هاریکارییکردنی ئاوارەکان - کە لە ترسی لەدەستدانی گیانیان ڕەویان کردییە - پێش هەر تشتەک ئەرکەکی مرۆیی و ڕەوشتییە.. تەنانەت هێندێکیان دەیانەوێ وەک چار لایەنە کەوا سۆرەکەی بەر لەشکری داگیرکەری حکومەتی دڕندە و داگیرکەری ئیسلامی ئێران - یەکێتی و پارتی و سۆشیالیست و ئیسلامییەکان - کە پێش کیمیابارانی هەڵەبجە ڕێیان لە خەڵک گرت شارەکە بەجێبهێڵن و بەو شێوە کارەساتبارە کیمابارانەکە لەنێوببردن.. وە هەمان شێوە سنوور لە کوردانی ڕۆژئاوا دابخەن.. بیانگە دژەمرۆییەکەشیان ئەوەیە کە گوایە ئەگەر ئەو هەموو کوردە ڕەو بکەن ئەوە ڕابوونی کوردانی ئەوێ شکست دەخوا و دوژمنان بالادەست دەبن لەوێ!!!

• لە هەمووشی عەنتیکەتر (مەلایەکان)ن! ئەوانیش وە هۆی ئەو کێشەیەوە بازاڕیان گەرم بووە و بە ناوی دینەوە بەر سەکۆیەکانیان قەڵەبالغ بووە و سەر تەلەفزیۆن و پانتایی دەزگە میدیاییەکانیان لێ داگیر کردینە و هەر یەکەیان لە بن باڵی حیزبەک و بەرپرسەکەوە ژەهری ئیسلام دەرخواردی خەڵک دەدەن و قسەی عەنتیکە عەنتیکە هەڵدەبزوڕکێنن، لێ هیچیان ئەو ئازایەتییە لەخۆڕانابینن بتوانن ئاماژە بەوە بکەن کە یەکەک لە هۆیە هەرە کاریگەرەکانی ئەوەی کە چەوسانەوەی کوردانی ڕۆژئاوا و ئەو ئاوارەبوونەی هەنووکەیان لێ وەبەرهەم هاتییە ئیسلام و هاومەزهەبەکانی خۆیانن کە کوردان وە کافر دادەنێن و بەوپەڕی دڕندەیی دژ وە مافە نەتەوەییەکان و سەربەخۆیی کوردستان دەجەنگن!

بە بێ گومان کەسانەک و حکومەتەک کە سەروەت و سامانی زۆروزەبەندی گەل دەدزن تا ئێستا نەیانتوانیبی یان ڕاستترە بێژین نایانەوێ تەنانەت خزمەتی ئەو هاوڵاتییانە بکەن کە لە بن دەسەڵاتی خۆیاندان و لەوەتەی ئەوان دەسەڵاتدارن بە سەدان هەزار کەس بە هۆی برسییێتیی و بێکاریی و بێ دادیی و نەبوونی ئازادییەکانەوە ئاوارەی وڵاتان بوونە و بە سەتانیان لە ڕێی هاتونەهاتی سەرسنووران و نێو دەریایان گیانیان لەدەست دا.. ئەگەر هەنووکەش چوونەدەر و وەرگرتنی ئاواران لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئاسان بی ئەوە زۆربەی هەرە زۆری گەنجان وڵاتەکەیان لۆ چۆل دەکەن، هەر ئەو ڕەفارانەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ کە بەو جۆر و شێوە و شێوازانەی سەرێ خزمەتی ئاوارەکانی خۆرئاوا بکەن!!!